

# خوێندنەوەیەک بۆ توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان

بێهزاد خوشحاڵی*

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە یەکەمین لێکۆڵینەوەی خۆی سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنــان، بەو دەرەنجامە گەیشــتووە کە لە هەر ١٨ چرکــەدا، یەك ژن دەکەوێتە بەر پەلامــار یان خودی توندوتیــژی. تەنانەت «دووگیــان» بوونــی ژن، نابێتــە هۆی پاراســتنی ئەو لە بەرامبەر دەست درێژی و توند و تیژیی پیاوان.

٣٠ تــا ٣٥ لە ســەدی ژنانــی ئەمریکی بــەرەورووی ئــازاری جەســتەیی لە لایەن هاوسەرانیان دەبنەوە و ١٥ تا ٢٥ لە سەدیان لە کاتی «دوو گیــان بوونیش دەکەونە بەر لێدان و ئەشــکەنجە. هەروەهــا لە هەر ١٠ قوربانیی ژن، سێ کەسیان بە دەستی هاوسەر یان پیاوانی دیکە دەکوژرێن. ٤١ لە ســەدی ژنانی هیندستان، بە هۆی ئازاری جەستەیی لە لایەن هاوسەرانیان دەست دەدەنە خۆکوژی. لە بەنگیلادیش، ٥٠ لە سەدی کوشتنەکان لە دەرەنجامی توندوتیژیی پیاوان روو دەدەن.

بە گشتی توند و تیژی دژی ژنان لە هەموو چینەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، نەژادی، تەمەنــی و جوگرافیایــی بوونــی هەیە، ئەگەرچــی ئەم دیاردەیە لە نێوان هێندێك لە گرووپەکان زۆرتر دەردەکەوێت. توند و تیژی دژی ژنان بە جۆرێك دەرکەوتەی هەســتی توندئاژۆیی و هەڵشــاخانەو لەو جۆرە توند و تیژیانەیە کە لە ئاست بنەماڵەدا بەکاردەبرێت و دەبێتە هۆی خەســار یــان ئێش و ئازاری جەستەیی، دەروونی و رەگەزی.

ســێ فاکتــەر و ئێلێمێنتــی ســەرەکیی هەڵســوکەوت، خەســار و زیان و رەگەز لە جۆرەکانی جیاوازیی توند و تیژی دەبینرێتەوە. رەگەزی سەردەست و بکەر زۆرتر پیاوانن، لە هێندێــك کات و شوێنیشــدا، ژنان، جگە لە هاوســەرانیان، لە لایەن باوك و براو تەنانەت کوڕەکانی خۆیانەوە بەرەورووی توند و تیژی دەبنەوە، ژنان لە ژیانی خۆیاندا چوار شێوەی تونــد و تیژی ئەزموون دەکەن کە بریتین لە، فیزیکی (جەســتەیی)، دەروونی، ئابووری و سێکسی:

### توند و تیژیی فیزیکی (جەستەیی)

شێوەکانی ئازاری جەستەیی، لێدان و بریندار کردن، هەڵکێشانی قژ، سووتاندن و پاڵ پێوە نان لە خۆ دەگرێت، رەنگە هەموو چینەکانی جیاوازیــی ژنان بە بــێ لەبەرچاو گرتنی ئاست و جۆری خوێندن، نەژاد، و بارودۆخی بنەماڵەیی تووشــی ئەم جۆرە توند و تیژیە ببنەوە.

### توند و تیژیی دەروونی

ئــەم جۆرە لە توند و تیژی، هەڵســوکەوتی ســەرەڕۆیانەو باڵادەســتانە بۆ سووك کردن و ســووکایەتی بە ژن، هەڕەشــە بۆ ئازار و کوشتنی ژن یان خود کەسێکی بنەماڵەکەی، جنێو، گاڵتە کردن، مۆڵەت نەدان بۆ بینینی خزم و کەسەکانی و هەروەها زیندانی کردنی ژن لە ماڵدا، لە خۆوە دەگرێت. ئەو شــێوەیە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هەســتی بەتاڵی و هیچ بوون و یان «خۆ وێران کردن»، هەڵاتن لە بەشداریی کۆمەڵایەتی و درووست بوونی دڵەڕاوکییەکی بەردەوام لە ژنان دەبێت.

### توند و تیژیی ئابووری

دابیــن نەکردنی مەعاش و پــارەی بژێوی ژیان، بەکارهێنانی نەگونجاو ناشــیاوی ژن بــۆ ئامانج گەلی ئابــووری و هەروەها لە ناوبردن و دەست درێژی بۆ سەر کەل و پەلی تایبەتیی ژن کە خۆشی دەوێن، لە خاڵەکانی ئەم شــێوە لە توند و تیژیەیە. لە زۆرێك لە وڵاتاندا، ژنان وەکوو هێزی کاری بێ مووچە بــەکار دەهێنرێن و ئەوەش بــۆ خۆی دەبێتە هۆکارێك بۆ خولقاندن و دروست بوونی توند و تیژی دەروونی.

### توند و تیژیی سێکسی

بەکارهێنانــی هێــزی لە رادەبــەدەر بە بێ خواستی ژن، پێوەندی سێکسیی ناسروشتی و بە زۆرەملێ، بەرگــری لە بە کارهێنانی



ئامرازی پێش گرتن لە دووگیان بوونی لە ناکاو و نەخوازراو و سەرنج نەدان بە پێویستیە سێکسیەکانی ژن لە خاڵەکانی بەرچاوی ئەم جۆرە توند و تیژیەیە. سارد بوونەوەو نارەزایەتی سێکسی و جۆرگەلی جیاوازی لادان لە ڕێگای دروست و سروشتی لە دەرەنجامەکانی ئەم جۆرە توند و تیژییە دژی ژنانە. بە پێی راپۆرتەکان، ئامار و ستاتیکی توند و تیژی و دەست درێژی سێکسی لە شوێنی کارو فەرمانگەکاندا و لە ئاست دونیا، سەرنجراکێشە.

بە پێی لێکۆڵینەوەکان، ئەو ژنانەی کە لە لایەن هاوسەرانیانەوە بەرەورووی توندوتیژی دەبنەوە، پێنج قات زۆرتر لە ژنانی دیکە تووشی زیانی دەروونی و خۆکوژی و هەروەها، شەش قات زۆرتر لە مەترسیی کێشەو تێکچوونی دەروونی دەبن. راستی ئەوەیە کە فاکتەرەکانی دەروونی، تاکی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ڕوودانی توندوتیژی کاریگەرن. لەو بنەماڵانەی کە کێشەی مادده سڕکەرەکان و ئەلکهول، بێکاری و قەیرانی ناوخۆیی دیکە هەیە، توند وتیژی زۆرتر دەبینرێت. ئەو پیاوانەی کە لە منداڵیدا بەردەوام چاویان لە ئازار و لێدانی ژنانی بنەماڵەکانیان بووە، لە داهاتوودا زۆرتر توندوتیژی دژی ژنان لە خۆیان دەنوێنن. کەسانی بێ ئەزموون، بێ تاقەت، گرێدراو بە شوێنێك و بە هەر لایەنێك، ناسەقام لە باری دەروونی و ئەوانەی وا هەست بە بێتوانایی دەکەن، زۆرتر دژی ژنان توند وتیژی بەکار دەهێنن.

بە گشتی، توندوتیژی، توندوتیژی لە گەڵ خۆیدا دێنێت و بەواتایەکی دیکە، بۆ خۆی بەرهەمهێنەرە.

منداڵێك کە لە بنەماڵەکەیداو لە کاتی منداڵیدا، سەرمەشقی هەڵشاخان و توندوتیژیی لە بەردەستدایە، لە داهاتوودا هەڵسوکەوتی لەوشێوە لە خۆی نیشان دەدات. لەراستیدا، هێماسازی لە تاکی توندڕەو و بکەری توندوتیژی، خواستی دەروونی بۆ ئەزموون کردنی هەڵسوکەوتێکی تایبەت و نائاسایی، خواستی لەرادەبەدەری غەیری سروشتی بۆ نیشان دانی هەڵسوکەوتی پیاوانە، پێوەندییەکانی پیاوسالارانەی ناو کۆمەڵگا، بێدەنگی و قبووڵ کردن لە لایەن ژنانەوە، و هۆکارەکانی فەرهەنگی، ژینگەیی و جوگرافیایی لە ڕوودانی توندوتیژی لە کۆمەڵگایەکدا کاریگەریەکی تایبەتییان هەیە.

بازرگانی و بەکارهێنانی سێکسی ژنان، فرۆشتنی کچانی تەمەن خوار و منداڵ لە لایەن باوکانی هەژارەوە بۆ ناوەندەکانی لەشفرۆشی و بەرهەم هێنانی فیلم گەلی بەدڕەوشتی و سێکسی لە رۆژئاوا، لە خاڵەکانی بەرچاو و زەقی توندوتیژی مۆدێرن دژی ژنان بە ئەژمار دێت.

بێ گومان توندوتیژی دژی ژنان، دیاردەیەکی چەند رەهەندیە، بۆیە بەرەنگاربوونە لە گەڵ ئەو خەسارە، پێویستیی بە دەرمان و چارەسەری چەند رەهەندییە.

چارەسەر لە ناو ماڵاندا، دروست کردنی شوێنێك بۆ ئەوانەی کە تووشی توند و تیژی دەبن و پاڵپشتی و لایەنگریی یاسایی لەو ژنانە، بەشداری لە کۆرسەکانی پەروەردەی پێش هاوسەرگیری، راوێژکاری و راوێژ گرتنی پێویست بۆ هاوسەرگیری، بردنە سەری ئاستی زانیاریی ژنان و پیاوان لە ڕێگای پەروەردە و بەتایبەت پێداگری لە سەر مێتۆدگەلی زانستی، دەتوانن لە کەمکردنەوەو پێشگرتن لە توندوتیژی دژی ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو، کاریگەر بن.

*** نووسەر و چالاکی مافی مرۆڤ بڕوانامەی دکتۆرا لە مێژووی سیاسی لە وڵاتی سویس وەرگرتووە**

# خانەی نەوجەوانان چیرۆکی جۆراوجۆری لە ناخیدا هەڵگرتووە

**قەدەری بێ بەزەیی زۆرجار بە هۆی ڕووداوی سروشـــتی و ناسروشـــتی شـــیرازەی خێزانێکی شێواندووەو منداڵانی چاوگەش و بێتاوانی لە نازی باوك و دایکیان بێبەش کردووە. لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا دەســەڵات و حکومەت بە شـــێوازی جیا هەوڵیان داوە ئەو منداڵانە لەخۆ بگرن، لە هەرێمی کوردســـتانیش چەند شـــوێنێك بۆ داڵدەدانی منداڵانـــی بێ سەرپەرشـــت تەرخان کراوە یەك لەو شـــوێنانەش، خانەی نەوجەوانان ـە لە هەولێر.**





منداڵ و نەوجەوان و هەمـــوو ئەوانەی لە ژێر تەمەنی یاســـاییدان (کەمتر لە ١٨ ســـاڵان) دونیایەکی تایبەت بـــە خۆیان هەیە، ئەوان بۆ ئەوەی خەونەکانیان بێتەدی، بەردەوام پێویستییان بە سەرپەرشـــتیی خێزان هەیـــە، بەڵام هەر لەو تەمەنە هەستیارەدا، ئەوانەی شیرازەی خێزانییان تێکچووە، یان لە نازی دایك و باوك بێبەشـــن، ئاریشـــە و خەمێکی بەرفراوانتریان هەیەو زۆر جـــار بە نیگەرانییەوە لـــە داهاتوویان دەڕوانن. هەندێك لەو نەوجەوانە چاو گەشـــانە ئاوارەی شـــەقام و گیرۆدەی چارەنووسێکی نادیار و پڕ مەترسیدار دەبن، هەندێکیشیان پەنا بۆ شوێنێك دەبەن بۆ ئەوەی داڵدەیان بدەن و لانی کەم بتوانن پردێك بۆ درووســـتکردنی داهاتوویان بدۆزنەوە. یەکێك لەو شوێنانەش کە داڵدەی منداڵانی بێ سەرپەرشـــت دەدات، (خانەی نەوجەوانان)ـە کە چیرۆکی چەندیـــن منداڵی بێنازی تێدا تۆمار دەکرێت.

خانەی نەوجەوانان لە هەولێر ســـەربە وەزارەتی کاروکاروباری حکومەتی هەرێمی کوردستانەو زیاتر ئەو منداڵانە لەخۆ دەگرێت کە بەرهەمی جیابوونەوەی دایك وباوکانن، هەندێکیشیان دایك یان باوکیان لەدەســـتداوەو ژمارەیەکیشیان دایك وباوکیـــان لەژیاندان، بەڵام بە هۆی کێشـــەی جیاواز و لادان لە سەرپەرشـــتییەکی دروســـت، دادگا منداڵەکەیـــان لێ وەردەگرێت و ڕەوانەی خانەی نەوجەوانانی دەکات.

زەیتۆ تۆفیق بەڕێوەبەری چاودێریی کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کاروکاروباری حکومەتی هەرێمی کوردســـتان جەخت لەوە دەکاتـــەوە کە زۆرترین ڕێژەی منداڵانی نێـــو خانەی نەوجەوانان، ئەو منداڵانـــەن کە یان دایك یـــان باوکیان گیانیان لەدەستداوە.

وەك ئەو باسی کرد، خانەی نەوجەوانانی کوڕان و کچان لە ســـاڵی ١٩٧٩ لە هەولێر دامەزراوە و ئێســـتا ٤٢٠ منداڵ لە خۆ دەگرێت، کە لەو ژمارەیە ٩٠منداڵیان بە شـــێوەی هەمیشـــەیی لە خانـــەی نەوجەوانان دەمێننـــەوە و ئەوانەی



**بەڕێوەبەری چاودێریی کۆمەڵایەتی:**

**خانەی نەوجەوانان ٤٢٠ منداڵ لە خۆی دەگرێت، ٩٠ یان هەمیشە لە خانەکە دەمێننەوەو ئەوانی دیکە هاتوچۆی کەسوکاریان دەکەن**

دیکەشیان هاتوچۆی خێزان و خانەی نەوجەوانان دەکەن.

زەیتۆ تۆفیق ئـــەوەش دووپـــات دەکاتەوە، کە ئەو منداڵانـــەی لە خانـــەی نەوجەوانان ژیان دەگوزەرێنن، لەو خێزانانەوە هاتوون کە کێشەی کۆمەڵایەتییان هەیە، گوتیشی «ئەو خێزانانە خۆیان لەسەر ئاستی پێوەندییەوە گرفتیان هەیە، بـــۆ نموونە زۆر منداڵ لـــەلای ئێمە هەن، کە باوکیـــان گیانیان لەدەســـتداوە، دواتر دایکیان شـــوویان کردۆتەوەو منداڵەکە هێنراوەتە خانەی نەوجەوانان، بۆیە ئەو منداڵە پەیوەندی لەگەڵ دایکیدا نامێنێت، دایکی لەوانەیە منداڵی دیکەی بووبێت و پەرپرســـیارێتیی دی بۆ دروستبووە، لەبەر ئەوە شتێکی حاشـــاهەڵنەگرە ئەو دایکە بەهیچ شـــێوەیەك ناتوانێـــت پەیوەندی لەگەڵ ئەو منداڵەی دروســـت بکاتەوە، هەروەها هەیە باوکی ژنی هێناوەتەوەو منداڵەکەی فەرامۆش کـــردووە». جەختی لەوەش کـــردەوە کە «ئەو خێزانانـــەی منداڵەکانی خۆیان دەهێننە خانەی نەوجەوانان لەئاســـتێکی ڕۆشنبیریی نزمدان و هەست بەگرنگیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ناکەن، ئـــەوان پێیانوایە منداڵەکەیان لە خانەی نەوجەوانان حکومەت بەخێوی دەکات و سەرجەم پێداویستیەکانی بۆدابین دەکات، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە بەس نییە، چونکە ئەو منداڵە پێویســـتی بەسەردانیکردنی دایك و باوکی هەیە، پێویستی بـــەوە هەیە کە دایك و باوکی گرنگییان پێبدەن

**نەوجەوانێک:**

**کاتێک لە پارکەکان، منداڵانی دیکە لەگەڵ دایک و باوکیان دەبینم گریانم دێت، چونکە نازانم باوەشی دایک چەندخۆشە**

و فەرامۆشی نەکەن»، گوتیشی «ئەگەر منداڵێك هەموو پێداویستیەکانیشی لەڕووی ماددییەوە بۆدابینکرابێت، بەڵام لەسۆزی دایکایەتی بێبەش بێت، هەمیشە هەست بە نامۆبوون دەکات و زەحمەتە بتوانرێت کەسێکی سەرکەوتووی لێ بەرهەم بێت» .

زەیتۆ تۆفیق لەبارەی ئاوڕدانەوەی خێرخوازان لەو خانەیە گوتی «بێگومان گەشەسەندنی سەرجەم پڕۆژەکانی کاری کۆمەڵایەتی لە وڵاتی ئێمەدا لەلایەن کەسایەتی خێرخوازەوە هەنگاوی باشی هاویشتووە، بەشێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتووە، بەجۆرێك لە سەدا پەنجای پڕۆژەکانی ئێمە کە ئەمڕۆ پێشکەوتووە بەهۆی هاوکاریی خەڵکانی خێرخواز و خێرەومەندەوەیە، چونکە پڕۆژەو کاری کۆمەڵایەتی هەر ئەوە نییە کە کەسێکی دەوڵەمەند خاوەن سەرمایە بێت بەپارە هاوکاری بکات، بەڵکوو بەشداریکردنی کەسێك لە وشیارکردنەوە یان خزمەتکردنی منداڵانی بێ سەرپەرشت دەچێتە قاڵبی هاوکاریی خێرخوازانەوە» .

وەك ئەو بەڕێوەبەرە باسی کرد، منداڵانی خانەی نەوجەوانان لەگەڵ منداڵانی دیکە لە قوتابخانەکانی شار دەخوێنن. جگە لەوەش چەندین خولی ڕاهێنانیان بۆ دەکەنەوە. هەر لەو بارەیەوە لیڤار حەسیب محەممەد توێژەری کۆمەڵایەتی لە خانەی نەجەوانان بە گوڵانی گوت «ئێمە ڕۆژانە خولی جۆراوجۆریان بۆدەکەینەوە، بەهەردوو جۆری کات بەسەر بردن و بەهێزکردنەوە، خولەکانی کات بەسەر بردن وەك خولی (مەلەوانی، وەرزشی جوراوجۆر، وێنەکێشان و موزیك)، خولە بەهێزکردنەکانیش وەك خولی (بەهێزکردنی خوێندن، زمانی ئینگلیزی، پیشەی کاری دەستی، بەرگدروویی)، کە منداڵەکان ئازادن کام لەم خولانە هەڵدەبژێرن».

ئەو توێژەرە سەبارەت بە کێشەکانی منالانی خانەی نەوجەوانان لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، هێمای بۆ ئەوە کرد کە «هەموو مرۆڤێك کێشەی جیاوازی هەیە، تەنانەت بەشێك لەو منداڵانەش کە لەماڵەوەن و لەلای دایك و وباوکی خۆیانن کێشەی دەروونییان هەیە، چونکە سروشتی مرۆڤ وەهایە و کەسێك نییە بێ کێشە بێت»، گوتیشی «ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە، ئەوەیە کە هەتا ئێستا کێشەی ترسناك لەناو خانەی نەوجەوانان رووی نەداوەو هەموویان بەشێوەیەکی باش گرنگیان پێدەدرێت، ئەو کێشانەش کە روودەدەن، شتی بچووکن، وەك دواکەوتن لەخوێندن، یان ئیکمال بوون، بەڵام ئێمە وەك گشت ستافەکە هاوکاریی تەواویان دەکەین و ئەگەر لەخوێندن دوابکەن، مامۆستایان بۆدەگرین و بەبەردەوامی چاودێرییان دەکەین».

جەختی لەوەش کردەوە کە «زۆر لە نەوجەوانان کە دەگەنە تەمەنی هەرزەکاری حەزناکەن بەهیچ شێوەیەك دەستبخەنە ناو ژیانی تایبەتییانەوە، بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی کێشەکانیان چارەسەر بکەین، هەوڵدەدەین وەك برادەرێك خۆمان زۆر لەو منداڵانە نزیك بکەینەوە، هەتا کێشەکانیان چارەسەردەکەین، بێگومان ئەمەش بەهاوکاریی بەخێوکەر و دایەنەکانە کە ڕۆڵێکی گرنگ لەم بوارەدا دەبینن».

نەوجەوانان لەو خانەیەدا وێڕای ئەوەی پێداویستییەکانیان بۆ دابین کراوە، وەك خۆیان ئاماژەیان پێدا، دایەنەکانیش زۆر لەگەڵیاندا میهرەبانن، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە هەرکامیان هەڵگری رابردوویەکی تفت و تاڵن، جۆرە خەمۆکییەك بە رووخساریانەوە دیارە. ئەوەتا بژاری تەمەن ١١ ساڵ کە قوتابی پۆلی پێنجی سەرەتاییە، بەم جۆرە باسی ژیانی رابردووی خۆی بۆ گوڵان دەکات:

«من ناوم بژارە، بەچاوی خۆم دایك وباوکم نەدیوە، وەك بۆم باسدەکەن من سێ ساڵان بووم، دایك و باوکم پێکەوە مردوون، ماڵی مام و خاڵ و پوورەکانم کەسیان منیان نەگرتۆتە ئەستۆ، لەبەر ئەوە ماڵێکی خێرخواز منیان بەخێوکرد، دواتر منیان هێنایە ئێرە، ئێستا من زیاتر لە هەشت ساڵە لێرە دەژیم و کەسیش لەخزمەکانم سەردانیان نەکردووم، بەڵام زۆر سوپاس خوای گەورە دەکەم، کە لێرە کۆمەڵێك کەسوکاری باشم بۆ پەیدابووە، بەتایبەتی توێژەرەکان، وەك برام وان و ڕۆژانە لەگەڵمدا دادەنیشن و هەرکە بزانن بێزارم سەردانم دەکەن».وەك بژار باسیکرد، ئەو لەگەڵ منداڵێکی دیکەدا پێکەوە لە یەك ژوور دەژین، «وەك برا وایان، هەندێکجاریش شەڕمان دەبێت، بەڵام زوو ئاشت دەبینەوە».

ئەو نەوجەوانە بە هەڵکێشانی ئاهێك باسی گەورەترین ئاواتی دەکات و دەڵێت «من ئاواتەخوازبووم ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەگەر بۆ یەك چرکەش بێت، دایك و باوکم ببینم، بەڵام قەدەر منی لەوان جیا کردەوە، ئیتر ئەوەش قەدەری خوایە کە دایك و باوکی خۆمم نەدیوە، من لێرەوە زۆر سوپاسی توێژەران و سەرجەم کارمەندان دەکەم کە وەك دایك وباوکم وەهان و هەموو کێشەکانم بۆچارەسەردەکەن، هیوادارم بۆ هاوکاری سەرجەم منداڵانی بیسەرپەرشت هەر بەردەوام بن».

**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی:**

**زۆر لە نەوجەوانان کە دەگەنە تەمەنی هەرزەکاری حەزناکەن بەهیچ شێوەیەک دەستبخرێتە ناو ژیانی تایبەتییان**

ئەوەی بژار لەگەڵ منداڵەکانی دیکە لەو خانەیە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە منداڵەکانی دی بەسەردان دەچنەوە ماڵی کەسوکاریان، بەڵام ئەو هەمیشە لەخانەکەدا دەمێنێتەوە و هیچ کەسێکی سەردانی ناکات. بۆیە بە هەستێکی پەپوولەییەوە دەڵێت «کاتێك لەگەڵ توێژەرەکان و دایەنەکاندا دەچین بۆ پارکەکان، دەبینم منداڵانی دیکە لەگەڵ دایك و باوکیاندان، گریانم دێت، چونکە نازانم باوەشی دایك چەندە خۆشە و قەت نەمدیوە».

ئاری، تەمەنی ٩ ساڵە و قوتابی پۆلی چواری سەرەتاییە، ئەو ئەندامێکی دیکەی هەمان خانەیە، بەڵام دایکی خۆی بینیوەو باسی ئەوە دەکات کە زۆربەی شەوان بەیادی ئەو کاتانەوە سەر دەخاتە سەر سەرین، کە لەگەڵ دایکیدا پێکەوە خەوتوون، بەڵام کاتێك ڕۆژ دەبێتەوە ئەو خەونانەی بەتاڵ دەبنەوە، کە سەیر دەکات لەخانەی نەوجەوانانە، بەوە زۆر خەفەت دەخوات و خۆزگە دەخوازێت خەونەکەی ببێتە ڕاستی. ئاری بە خەمبارییەکی زۆرەوە دەڵێت «بەخوای زۆربەی شەوان خەو بە دایکمەوە دەبینم». ئەو منداڵە چاوگەشە وەك خۆی باسیکرد، باوکی چەند ساڵێك پێش ئێستا بەنەخۆشیی دڵ گیانی لەدەستداوەو دوای هەشت مانگیش لە کۆچی دوایی باوکی، دایکیشی بەنەخۆشی گیانی لەدەستداوە، دواتر دراوسێیەکی خێرەومەند ماوەیەك بەخێوی دەکات و ئینجا رەوانەی خانەی نەوجەوانانی دەکات.

ئاری زۆر سوپاسی دایەنەکان دەکات، بەتایبەتی یەکێکیان کە هەمیشە ئامۆژگاری و قسەی خۆشی بۆدەکات، «یەکێك لەدایەنەکان وەك دایکم، ئێواران چیرۆکم بۆ دەگێڕێتەوە، منی زۆر خۆشدەوێت، هەر کە دەگریم، دێت قسەی خۆشم بۆدەکات و ناهێڵێت خەم بخۆم، هەروەها توێژەرەکانیش زۆرباشن هەموو ڕۆژێك دێن و قسەی خۆشم بۆ دەکەن، من زۆر سوپاسی خودا دەکەم کە ئەوان وەك دایك و باوك ئێمەیان خۆش دەوێت».

لە کۆتاییدا پەیامنێری گوڵان هەوڵی دا کچانی خانەی نەوجەوانان بدوێنێت، بەڵام هیچیان ئامادە نەبوون قسە بکەن.

# پێگەو رۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا

سلیڤا جگەرخوین



ئەگەر سەرنجی مێژووی گەلی کورد بدەین لەسەدەی رابردوودا، دەبینین هەمیشە لە بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد دانەبڕاوە، بەپێچەوانەوەش ئافرەتانی کورد رۆڵی گرنگ و کاریگەریان لە ژیانی سیاسی و خەباتی نەتەوەییدا هەبووە.

رۆڵی ئافرەتی کورد لە شۆڕشدا پێشەنگ بووە،هەرچەندە ئافرەتی کورد بە شێوەیەکی فراوان لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا بەشدارنەبووە، بەڵام هەردەم پێشەنگ بووە لە پشتیوانی کردنی پێشمەرگە لە شۆڕش شەڕەکاندا.

ئافرەتی کورد هەمیشە ستەم و چەوساندنەوەی چەشتووە،ئەمەش لەبەر ئەو کەلتوورە کلاسیکییەی کۆمەڵگەی کوردەواری و ئەو توندوتیژییەی کە دژی ئافرەت ئەنجام دراوە چ بە لێدان و دەستدرێژیی سێکسی و هەڕەشەی کوشتن و جنێوو بەشوودانی پێشوەختە و تەڵاق و قەیرەیی و رفاندن، چ بە ناچارکردنی بۆمێردکردن و بەزۆر دوورخستنەوە لە خوێندن، وێڕای ئەو هەموو گرفتانەش بەم دواییە دیاردەیەکی دیکە هاتۆتە گۆڕێ ئەویش کوشتنە بە بیانووی ناموسپارێزی،بەڵام لەبەر بێ دەنگ بوونی راگەیاندن لەم بارەوە دەبینین رای گشتی زۆر بەم لایەنە ئاشنا نییە کە لە سەرتاسەری عێراق و هەرێمی کوردستان و دەرەوەشدا بوونی هەیە لە شێوەی خۆکوشتن و کوشتن کە چەندین هۆی لە پشتە،لەوانە داب و نەریتی کۆن و تێگەیشتنی هەڵەی چەمکی ئایین، بەڵام رۆڵی گەورە بۆ داب و نەریتی کۆن دەگەڕێتەوە، نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە پەرەسەندنی رێکخراوو حزبە ئایینیەکان و رۆڵیان لە پرۆسەی سیاسی و ئەو فتوایانەی هەندێ لە پیاوانی توندڕۆی ئایینی دەیدەن کاریگەریی هەیە لە زیاتر ئەکتیفکردنی بیروبۆچوونی عەشایریدا، چونکە توندڕۆیی ئایینی و دەمارگیریی بیروباوەڕ دوو هۆکاری سەرەکین لە زیاتر وروژاندن و هاندانی بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە زۆربەی تاوانەکانی ناموسپارێزی لە گوندو دێهاتەکانەوە سەری هەڵداوە دواتر هاتووەتە شارەکانەوە کە ناتوانرێت سنوورێکی بۆ دابنرێت، بەڵام هەوڵەکانی حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەردەوامە بە هاوکاریی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ گەڕان

**زۆر جار دەبینین کە ئەم دۆسێیانە کاتێ دەگەنە بەردەم دادوەر بە ناو و بیانووی دیکەی وەکو خۆکوشتن و مردن لە ئەنجامی ئاگر کەوتنەوە یان قەزاو قەدەر لێک دەدرێنەوە،نەک بەناوی تاوانی کوشتن بە بیانووی ناموو‌سپارێزی**

بەدوای هۆکارە راستەقینەکان و دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو وهەموارکردن و پەرەپێدانی یاساکان بەتایبەتیش یاساکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی،هاوکات دانانی سنوورێك بۆ ئەم تاوانانە، دەبێ دانیش بەوەدا بنێین کە ئەم تاوانانە بەم دواییە زۆر تەشەنەی کردووە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەم دیاردەدایە لەڕێی دەرکردنی یاسای تایبەت بە پاراستنی ئافرەت،بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی تایبەت لە ئەنجومەنی وەزیران بەسەرۆکایەتی خودی جەنابی سەرۆك وەزیران پێکهاتووە، هەروەها چەندین لیژنەی فەرعی دیکە لە وەزارەتەکانی ئەوقاف و پەروەردە و تەندروستی و مافی مرۆڤ و ناوخۆو داد بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە شان بەشانی لیژنەباڵاکە پێکهاتوون.

بە پێی رۆڵی یاسا لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا ئەوا چەندین یاسای تایبەت بەم کێشانە هەیەو رۆڵی گرنگیشیان هەیە ئەگەر هاتوو ئەم کێشانە بگەنە دادگا، بەڵام پێوەندییە عەشایرییەکان کاریگەرییان هەیە لە گەیاندنی ئەم کێشانە بۆ دادگا وێڕای راکردن و خۆشاردنەوەی تاوانباران و پەنابردنیان بۆ لای سەرۆك عەشیرەتەکان ئەمانە هەموویان هۆکارن بۆ سەرنەگرتنی هەوڵ و کۆششەکان لەپێناو بنەبڕکردنی ئەم دیادەیە، لەپاڵ ئەوەشدا زۆر جار دەبینین کە ئەم دۆسێیانە کاتێ دەگەنە بەردەم دادوەر بە ناو و بیانووی دیکەی وەکو خۆکوشتن و مردن لە ئەنجامی ئاگر کەوتنەوە یان قەزاو قەدەر لێك دەدرێنەوە، نەك بەناوی تاوانی کوشتن بە بیانووی ناموو‌سپارێزی.

زۆر لایەن دووپاتی دەکەنەوە کە ئەو تاوانانەی بەناوی ناموو‌سپارێزی ئەنجامدەدرێن تایبەت نین بە ئایینێك یان تایەف و عەشیرەتێك، قوربانیانی ئەم تاوانانە موسڵمان و مەسیحی و کەمایەتییە ئایینی و ئیتنییەکانن، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە عەشیرەت و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان رێگە بە ئەنجامدانی ئەم تاوانانە دەدات لەکاتێکدا هەموو ئایینە ئاسمانییەکان ئەمە یاساغ دەکات و کوشتنی مرۆڤ بە هەر رێگەیەك بێت حەرام دەکەن.

ئەم دیاردە دڵتەزێنە لە سنووری هەرێم چۆتە دەرەوەو پەڕیوەتەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا کە کوردانی ئاوارەی لێدەژی، هەموو لایەکیش چاك دەزانین ژمارەی حاڵەتی کوشتن چەند زیادی کردووەو توندو تیژیش دژی ئافرەت لەو وڵاتانەدا پەرەی سەندووە، ئەو دەوڵەتانەش ئەو داب و نەریتییانەی رۆژهەڵاتی و عەشایرییان قبووڵ نییە، بەڵکو بڕوایان بە مافەکانی مرۆڤ هەیە، لەوانەش مافەکانی ئافرەت و یەکسانیی نێوان ئافرەت و پیاو.

کۆمەڵگە بەهەموو پێکهاتەکانییەوە لەسەروویانەوە پەرلەمان و حکومەت و حزب و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هۆکارەکانی راگەیاندن و هەموو نوێنەرانی ئایین و ئایینزاکان لە هەرێم بەرپرسیارێتیی تەواویان دەکەوێتە سەرشان و پێویستە بەشداربن لە دانانی سنوورێك بۆ ئەم تاوانە قێزەوەنانە کە دژ بە ماف و ئازادییەکانی ئافرەتان کە لە ژێر ناوی ناموو‌سپارێزی ئەنجامدەدرێن، هەروەها لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەش لە پیاو و ژنان پێویستە دەست لە ناودەست بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆ رێگەگرتن لەم تاوانانەو کارکردن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچن.

ئازادبوونی ئافرەت و کارکردنی لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەرهەم هێنان

**پێویستە ئافرەتی کورد هۆشیارو رۆشنبیر بکرێت و تەنانەت پیاوانیش بخرێنە خول و بەرنامەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و مافەکانی مرۆڤەوەو ئاستی خوێندن و پەروەردەییان بەرز بکرێتەوە و لە کارو پیشەی سەندیکاییشدا بەشداربن**

کۆمەڵگە بڕیاری لێدەدات،لە کۆمەڵگەیەکدا کە کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان و دەمارگیریی ئایینی و داب ونەریتی کلاسیکی تێدا باوە،ئافرەت ناتوانێت لەم کۆت و زنجیرە رزگاری بێت، بۆیە وا پێویست دەکات کە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی سەرهەڵبدات تاکو دەرفەتەکانی پێشکەوتن و ئازادیی لە سەرجەم کایەکانی ژیانی لەبەردەمدا واڵابێت.

لەگەڵ پەرەسەندنی جیهانگەرایی و تەکنەلۆژیادا،ئافرەت لەسەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتی و هونەری و سیاسی توانی بوونی خۆی بسەلمێنێت، بەتایبەتیش ئافرەتی رۆشنبیری کورد لە تاراوگەدا کە بوارو شیانی چاکی لەبەردەمدا رەخسا و لە وڵاتانی ئەوروپادا پۆست و پێگەی گەورەو گرنگی لە رێکخراوە مرۆیی و پەرلەمانەکانی ئەوروپادا گرتەدەست ئەو پلەو پۆستانەی کە پیاوی کورد پێی نەگەیشتوون، ئەمەش بەڵگەی زیرەکی و لێهاتوویی ئافرەتە.

بۆیە پێویستە ئافرەتی کورد هۆشیارو رۆشنبیر بکرێت و تەنانەت پیاوانیش بخرێنە خول و بەرنامەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و مافەکانی مرۆڤەوەو ئاستی خوێندن و پەروەردەییان بەرز بکرێتەوە و لە کارو پیشەی سەندیکاییشدا بەشداربن، دەبێت ئافرەت بایەخێکی تایبەتی پێبدرێت لەو کۆمەڵگەیەی کە پێشکەوتنی مەبەستە، ئافرەت وەك رەگەزێکی بنەڕەتیی لە پەرەپێدانی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەکادیمی و هونەری و رۆشنبیری سەیر بکرێت، رۆڵی بەرچاوی هەبێت شان بەشانی پیاو و هەموو تواناکانی بخرێتەگەڕ بۆ داهێنانی ئایندەیەکی گەش و رووناك.

پەرەپێدانی رۆڵی ئافرەت لەهەموو بوارێکدا بەشێکە لە سیاسەتی بەردەوامی گەشەسەندن و دەکەوێتە چوارچێوەی ستراتیژییەتی حکومەتی هەرێم و پەرەپێدانی توانای مرۆیی و رۆڵی ئافرەتیش هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ پەروەردەکردنی نەوەکانی داهاتوو، بۆیە پێویستە لەسەر رێکخراوەکانی مەدەنی دەرفەت بۆ ئافرەت برەخسێنن بەوەی کە نیوەی کۆمەڵگەیە و نەبوونی ئەم نیوەیەش کۆمەڵگە پەك دەخات و بزاڤی لاواز دەکات، جا با بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنین کە ئافرەتی کورد نموونەیەکە، هەموو مافێکی دیموکراسی و مرۆیی هەیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناویندا،لەکۆتاییشدا هەروەك جان پال بلمۆندا دەڵێت: ئافرەت تاکە دیارییە کە هەر بەخۆی،خۆی دەپێچێتەوە.